# هۆكارەكانی سەركەوتنی پەروەردگار بۆ ئیماندران بەسەر دوژمنەكانیاندا

[ بە كوردی ]

# أسباب نصر الله للمؤمنين على أعدائهم

[ باللغة الكوردية ]

دانەر: زانای پایە بەرز شێخ عبد العزيز بن باز
ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ

المؤلف: سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز ـ يرحمه الله تعالى ـ

وەرگێڕانی : بەشی كوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس
الترجمة : القسم الكردی بموقع دار الإسلام

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

# هۆکارەکانی سەرکەوتنی پەروەردگار بۆ ئیماندران بەسەر دوژمنەکانیاندا [١]

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورەی جیهانیان وپاشەڕۆژیش بۆ خواناسانە، درودو ڕەحمەتیش بۆ سەر گیانی پێغەمبەری ئازیز، کەباشترین کەسی ئەم ئومەتەیە، وەبۆ سەر جوبرەئیل وەبۆ سەر ئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

شوکری خوای گەورە دەکەم بەوەی ماوەی دام کە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە گەنج وکۆمەڵە برایە بگەم بەیەک لە پیرۆزترین شوێن وجێگای ئەم سەر زەویە کە شاری مەککەی موکەڕەمەیە، بۆ ئەوەی هەندێک ئامۆژگاری هەق وخێر بگەیەنم پێیان وهاوکاری یەکتر بین لەکاری خێر وخواناسیندا، وە بابەتێکی گرنگیان بۆ باس بکەم ئەویش بریتی یە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پەروەردگار بۆ ئیمانادران بەسەر دوژمنەکانیاندا، وەڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەشی کەدبن بەهۆی شکستی موسڵمانان لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا، داواکارم لە خوای گەورە وبالآدەست ئەم کۆبونەوەیەمان بە کۆبونەوەی خێر بگێڕێت، وە ئیسلاحی دڵ ودەروون و کار وکردەوەمان بکات، وە دینەکەی خۆی سەربخات وبەرزی بکاتەوە بەسەر تەواوی دینەکانی تردا، وە داواکارم لەپەروەردگاریش کە بەرپرس وکاربەدەستانی موسڵمانان ئیسلاح بکات و تێیان بگەیەنێت لە دینەکەی خۆی،وە یارمەتیان بدات لە پێناو حوکم کردن بە شەریعەتەکەی خۆی لە نێو بەندەکانی خوادا، وە کاربەدەست ولێپرسراوی ئەو وولآتەش موەفەق بکات بۆ ئەنجام گەیاندنی هەموو کارێکی خێر، وپشتیوانیان بێت لەپێناو چاکسازی کردنی هاولآتیان ووولآتدا،وە

---

[١] ئەم پەیامە لە ( مجموع وفتاوی ومقالات متنوعة ) بەشی پێنجەم وەرگیراوە، کە ووتارێک بوو شێخ ابن باز لە یانەی مەککەی ئەدەبی لە ١٤١٢/١١/٢٩ کۆچی پێشکەشی کرد .

ڕاوێژکاری باش ومصلحیان لەدەور کۆبکاتەوە، دیسان لە خودا دەپاڕێمەوە کە بەم کاربەدەست ولپێرسراوانەی وولآتمان حەق وڕاستی سەربخات وناحەق و پوچ وبەتاڵیش ڕسوا وسەر شۆڕ بکات . وە ئەم لێپرسراوانە بگێڕێت بە بانگخوازی دینەکەی خۆی، پەروەردگاریش باشترین زاتێکە کە داوای ڕاز ونیازەکانی خۆمانی لێ بکەین .

پاشان زۆر سوپاسی ئەم برایانە دەکەم کە لێپرسراون لەسەر ئەم یانەیە لەسەروو هەموویانەوە برای بەڕێزم جەنابی دکتۆر ڕاشد بن ڕاجح بەڕێوەبەری زانکۆی ام القری ، وبەڕێوەبەری ئەم یانەیە کە فورسەتیان بۆ ڕەخساندم بۆ ئەم بەیەک گەشتنە، وەداواکارم لە خوای گەورە کە بەرەکەت بخاتە کاری هەموانەوە، وە حاڵ وگوزەرانی هەمولایەکیشمان باشتر بکات، وە بمانگێڕێت لەو کەسانەی کە بانخوازی بەحەق وڕاستین ولەو کەسانەشمان بگێڕێت کە دینەکەی خۆی سەردەخەن، ( ئامین ) .

برایانی بەڕێزم سەرەتا من دەمەوێت شتێکتان بۆ ڕاست بکەمەوە کە شێخ ڕاشد ڕایگەیاند من سەرۆکی دەستەی کەورە زانایانم، من ماوەیەک سەرۆکی ئەو دەستەیە بووم، چونکە سەرۆکایەتی کردنی ئەو دەسەتەیە بە شێوەیەکی دەورەی هەر ساڵێک یەکێک لە بەتەمەنترین پێنج ئەندامی ئەو دەستەیە سەرۆکایەتی دەکات منیش یەکێکم لەو پێنج کەسە.

ناونیشانی بابەتی کۆڕەکەیشمان لەگەڵ بەڕێزتاندا ( **هۆکارەکانی سەرکەوتنی پەروەردگار بۆ ئیمانادران** ) گومان لەوەدا نیە خوای گەورە چەند هۆکارێکی داناوە بۆ سەرکەوتنی ئیمانداران ، لەهەمان کاتیشدا چەند هۆکارێکیش هەن کە دەبنە هۆی سەر شۆڕی وزەلیل بوونی ئیمانداران .

لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر گرۆهی باوەڕداران لە هەوڵ وکۆشش وسەرجەم کارەکانیاندا دەست بگرن بەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرکەوتنیان لەگشت کات و شوێنێکدا، لە مزگەوت ولەناو ماڵ ولەسەر ڕێگا ولەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی دوژمن ولەهەموو حاڵێکدا، جا واجبە لەسەر

ئیمانداران كە پابەند بن بە فەرمانەكانی خوای گەورەوە، وە لەبەرخاتری خوای گەورە ئامۆژگاریەكانیان بۆ بەندەكانی خوا بەردەوام بێت، وە زۆر دوور بن تاوان وگوناهـ كە هۆكاری سەرەكیە بۆ شكست وسەر شۆڕی وزەلیلی .

لەو تاوانانەش ئەوەیە ئیماندار كەمتەرخەمی بكات لە دەستگرتن بە هۆكارەكانی سەركەوتنەوە، هۆكارە مادی و حسسیەكان كە دەبێت هەر ببن، هەروەک چۆن پێویستە هۆكارە دینیەكانیش پشتگوێ نەخەین، جا كەمتەرخەمی لە هەردوو چەمكەكەدا دەبێتە هۆی زەلیلی وسەر شۆڕی موسڵمانان، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **يا أيها الذين آمنوا إنْ تنصروا الله ينصركُم ويثَبت أقْدامكُم** ﴾ **[ محمد: ٧ ]** واتە : ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئاینەكەی خوای گەورە پەیڕەو بكەن وسەری بخەن ، خوای گەورەش ئێوە سەردەخات و دامەزراوتان دەكات .

ئەم ئایەتە پیرۆزە خطابێكی گەورەیە بۆ تەواوی ئیمانداراران، كە ڕوونی كردوەتەوە، ئەگەر بێتو ئیمانداران دینەكەی خوا سەربخەن ئەویش لەبەرامبەردا ئەوان سەردەخات بەسەر دوژمنەكانیاندا .

بە چ شێوەیەک ئیمانداران خوای گەورە سەربخەن : ئەمەش بە شوێن كەوتنی شەریعەتەكەی وسەرخستنی ئاینەكەی وهەستان بە گشت حەقەكانی خوای گەورە، لەكاتێكدا هەمووومان ئەوە دەزانین كە خوای گەورە هیچ پێویستی بەبەندەكانی نیە، بەڵكو بەپێچەوانەوە بەندەكان هەمیشە پێویستیان بە خوای گەورە هەیە، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **يا أيها الناس أنتم الفُقَراءُ إلى الله والله هو الغنِي الحميد (١٥) إنْ يشأ ي يا أيها الناس أنتم الفُقَراءُ إلى الله والله هو الغنِي الحميد (١٥) إنْ يشـأ يذْهبكُـم ويأت بِخلْـق جـديـد (١٦) ومـَا ذَلك على الله بِعزيزٍ (١٧) [ الفاطر : ١٥-١٧ ] .**

واتە : ئەی خەڵكینە ئێوە هەمووتان هەژار و كەم دەسەڵاتن وپێویستتان بە خوای گەورە هەیە، وە خوای گەورەش ئەو زاتەیە كە زۆر دەوڵەمەند

وشایانی سوپاسە، ئەگەر بیەوێت ئێوە لەناو دەبات وکەسانێکی تر لەبری ئێوە دەهێنێتە کایەوە، ئەمەش بۆ خوای گەورە کارێکی زۆر ئاسانە .

خەڵکی بە مرۆڤ و جنۆکە وپادشا وگەداوە هەر هەموویان پێویستیان بەخوای گەورەیە، لەبەرامبەر خوای گەورەدا هەژار وکەم دەسەڵاتن، هەر خودایە کە دەوڵەمەند وبێنیاز وشایستەی سوپاس گوزاریە .

سەرخستنی خودای گەورە واتە سەرخستنی شەریعەتەکەی ئەوەش خۆی لەخۆیدا بەو واتایە تەواو دەبێت کە خوای گەورە سەربخەیت، نەک بەو مانایە کە پەروەردگار پێویستی بە ئێمە هەبێت، ئیمانداران لەسەریان واجبە کە ئەو تەوحید وبیروباوەڕە سەربخەن کە پێغەمبەرانی پێهاتوە وقورئانی پیرۆزی پێ دابەزیوە، جا ئەگەر موسڵمانان هەستان بە پشتیوانی وسەرخستنی ئاینی خوای گەورە وپشتیوانی کردنی خواناسان وپیاوچاکان، ئەوە ئەوکاتەش پەروەردگار پشتیوانیان دەبێت وسەریان دەخات بەسەر دوژمنەکانیاندا وکاریان بۆ ئاسان دەکات وپاشەڕۆژێکی پرشنگدار وچاکیشیان بە نصیب دەکات هەروەک خوای گەورە دەفـەرموێت :( **فَاصبِر إِن الْعاقبَةَ لِلْمتقِين**) **[ هود :٤٩]** واتە : خۆڕاگر وئارام گربن، چونکە بێگومان پاشەڕۆژ هەر بۆ خواناسانە.

ئارامگری وخواناسی وپارێزکاری، بەوە بەدی دێت کە پشتیوانی ئاینەکەی خوا بیت وهەستیت بەئەنجام گەیاندنی فەرمانەکانی ودوور بکەویتەوە لە پەرێز وقەدەغەکراوەکانی، لەهەمان کاتیشدا لەئامۆژگاری خێر بەردەوام بیت بە نهێنی وئاشکرا لەکاتی خۆشی وناخۆشی وکاتی تێکۆشان وجهاد کردن، بەکوورتی لەهەموو کاتێکدا پەرەوەردگاری باڵادەستت لەبیر بێت وهەمیشە لەبیری بانگەواز وخزمەت کردنی ئاینەکەیدا بیت .

وە کاتێکیش کە خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەدانەنانی ڕاوێژکارێکی بێباوەڕ ئەوە دەسەلمێت کە موسڵمان دەبێت هەمیشە پشت بە باوەڕداران ببەستن بەتایبەتی لەکاروباری ئاینەکەیاندا، خـوای گەورە لـەم

بارەیەوە دەفەرمویێت : ( **يا أيها الذين آمنوا لا تتخذُوا بِطَانةً من دونِكُم لا يأْلُونكُم خبالًا ودوا ما عنِتم قَد بدت الْبغضاءُ من أَفْواههم وما تخفي صدورهم أَكْبر قَد بينا لَكُم الْآيات إنْ كُنتم تعقلُونَ (١١٨) [ ال عمران : ١١٨ ]** واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەکەسانێکی تر جگە لەخۆتان متمانە مەکەن ونهێنی خۆتانیان لا مەدرکێنن، چونکە ئەوان کۆڵ نادەن لەدروستکردنی تەنگانەو گیروگرفت وناخۆشی بۆتان،ئاواتیان ئەوەیە دووچاری ئازارو کێشە ببن، بەئاشکرا ڕق وکینە لەدەم ودویاندا دیارە، ئەوەی لەسینەیاندا شاردویانەتەوە زۆر گەورەترە لەوەی دەریدەخەن، بێگومان ئێمە نیشانە وبەڵگەمان بۆ دیاری کردوون ( تا دۆست لە دوژمن جودا بکەنەوە) ئەگەر عەقڵ وژیریتان بخەنە کار .

هەروەها دەفەرمویێت : (**وإنْ تصبِروا وتتقُوا لا يضركُم كَيدهم شيئًا إن الله بِما يعملُونَ محيطٌ** ) **[ ال عمران : ١٢٠ ]** واتە : ئەگەر خۆڕاگر وئارامگر وخواناس وپارێزکاربن، ئەوە فرۆفێڵ وپیلانی بێباوەڕان هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنێت، بێگومان خوای گەورەش ئاگادار وزانایە بەو کارو کردەوەی ئەوانە دەیکەن.

لەکۆتای ئەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگارمان ئەوەی ڕونکردوەتەوە، ئەگەر ئیماناداران خۆڕاگر وخواناس بن بێگومان بن کە بەهێچ شێوەیەک دوژمنەکانیان ناتوانن زیانیان پێ بگەیەنن.

هەر بەهەمان شێوە لە ئایەتێکی تردا پەروەردگاری باڵادەستمان دەفەرمویێت : (**وإنْ تصبِروا وتتقُوا فَإن ذَلك من عزمِ الْأُمورِ (١٨٦) [ ال عمران : ١٨٦ ]** واتە: ئەگەر ئارامگر وخۆڕاگر ولەخواترس وپارێزکاربن بەڕاستی ئەو هەڵوێستە لەکارە پەسەند وکردەوە پایەدارەکانە .

هەروەها دەفەرمویێت:( **إنه من يتقِ ويصبِر فَإن الله لا يضيع أَجر الْمحسِنِين** ) [ یوسف: ٩٠ ] واتە : بێگومان ئەوەی خۆ پارێز بێت لە گوناهـ وخۆگر بیێت ( لەبەرامبەر پێشهاتەکانەوە، خوای گەورە دەرووی لێ دەکاتەوە ) ئەوە بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران وچاکەخوازان بەزایە نادات .

هەروەها لە ئاتەتێکی تردا هاتوە:(**واصبِروا إن الله مع الصابِرِين** )**[ الانفال : ٤٦ ]**

واتە: ئارامگر وخۆڕاگربن چونکە بەڕاستی خوای گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە .

لەسەرەتای ئەو وەصیەت وئامۆژگاریەشەوە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئاراستەی عەبدوڵلای کوڕی عەباسی دەکات ( خوای گەورە لەخۆی وباوکی خۆش بێت ) دەفەرموێت : " احفظ الله يحفظك، احفظ الله تجده تجاهك ..." واتە : شەریعەت وئاین وسنورەکانی پەروەردگار بپارێزە خوایش تۆ دەپارێزێت، خوا وبەرنامە وڕێبازەکەی بپارێزە، یارمەتی وپشتیوانی خوایش بۆ تۆ دەبێت ) .

هەرکەس شەریعەت وبەرنامەکەی خوا بپارێزێت وئیستقامەی هەبێت لەسەری وئامۆژگاری کەسانی تریش بەهەق وڕاستی بکات، وڕێبازی یەکتاپەرستی سەربخات، لەبەرامبەردا پەروەردگاریش ئەو سەردەخات وکۆمەک وپشتیوانی دەبێت، و لە فڕوفێڵی ناحەزانیش دەیانپارێزێت، خوای گەورەش دەفەرموێت : ( **وكَانَ حقًّا علينا نصر المؤمنين (٤٧) ) [ الروم : ٤٧ ]** واتە : سەرخستن وپشتیوانی ئیمانداران بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی وسەرکەوتنمان پێ بەخشین .

ئیماندران ئەو کەسانەن کە ڕاوەستاون وئیستقامەیان هەیە لەسەر ئاینەکەی خودا وپارێزگاری لەمافەکانی ئیسلام دەکەن ودووردەکەونەوە لە قەدەغەکراوەکانی پەروەردگار .

لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت : ( **ألَا إن أولياءَ الله لَا خوف عليهم ولَا هم يحزنونَ (٦٢) الذين آمنوا وكَانوا يتقُونَ (٦٣) [ يونس : ٦٢،٦٣ ]** واتە : ئاگاداربن کەبەڕاستی چاکەکاران وخۆشەویستانی خوای میهرەبان نەترس وبیم ڕوویان تێ دەکات ( لەسەرە مەرگ ولەڕۆژی دوایدا ) نە خەم وپەژارە ودڵتەنگی دایان دەگرێت ( بەڵکو فریشتەکان بەڕوو خۆشیەوە موژدەی سەرفرازی وخۆشنودیان دەدەنێ (٦٣ ) ئەو بەختەوەرانە ئەو کەسانەن کە

باوەڕی بەتین ودامەزراو وپڕ سۆزیان هێناوە بە پەروەردگاریان وخۆشیان دەپارێزن لە خەشم وقینی خوای گەورە .

ئیمانداران ئەو لەخواترس وپارێزکارانەن کە خۆشەویستی خودان، ئەوانەن کە پشتیوانی ئاینەکەی پەروەردگارن، خوای گەورەش ئەوان دەپارێزێت و سەریان دەخات ولەتەواوی فرو فێڵ وپیلانی دوژمنان، وسەرەنجام وپاشەڕۆژیشیان بۆ مسۆگەر دەکات، : (**ولَينصرن الله من ينصره إن الله لقَوِي عزيز (٤٠) الذين إنْ مكناهم في الْأرض أقَاموا الصلَاةَ وآتوا الزكَاةَ وأَمروا بِالْمعروف ونهوا عن الْمنكَر ولله عاقبةُ الْأُمور (٤١)[الحج:٤١،٤٠]** واتە: بەڕاستی خوای گەورە ئەو کەسانە سەردەخات کە ئاینەکەی ئەو سەردەخەن، بێگومان خوای گەورە زۆر بەهێز وبالادەستە(٤٠)ئەوانەی ئەگەر جێگیر وپایەدارمان کردن لەسەر زەوی، نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و زەکاتی ماڵ وسامانیان دەدەردەکەن وفەرمان دەکەن بەچاکە وبەرگریش دەکەن لە خراپە، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆلای خوا دەگەڕێتەوە (٤١ ).

لەو ئایەتە پیرۆزەی سەرەوەدا پەروەردگار سیفاتی ئەو کەسانەی بۆ باسکردین کە ڕێبازەکەی سەردەخەن کە بریتی بوو لە پایەدار کردنیان لەبەرامبەر بەجێهێنانی نوێژ وزەکاتی ماڵ وسامانیان، فەرمان کردن بەچاکە وقەدەغەکردن لەخراپە، بێگومان هەموو ئەمانە ڕەوشتی جوان وبەهای بەرزی ئەو کەسانەن کە خوای گەورە ئەو ڕێزو وپلەیان دەداتێ کە ببن بە سەرخەری ئاینی خوا.

ئیمانداری ڕاستەقینە ئەو ئیماندارانەن کە یەکتاپەرستن وبەدڵ وبەڕاستی ئیمانیان بە پەروەردگاریان هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا پابەندن بە یەکخواناسی ویەکتاپەرستی وئیخلاصی خوای گەورەوە، ولەهەمان کاتیشدا هەموو ئەو هەواڵانەشی کە خۆی و پێغەمبەرەکەی داویانە بە باوەڕداران بە ڕاستی دەزانن بەبێ هیچ دوو دڵی و دڵە ڕاوکیەیەک، وە هەڵدەستن بە بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوا بەو شێوەیەی کە فەرمانی پێ کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا

دووره پەرێز دەبن لە قەدەغەکراوەکانی پەروەردگار، تا بشتوانن نزیک حەرام ناکەونەوە ئەویش تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورەی باڵادەست، وخۆپاراستن لەسزای سەختی دۆزەخ، ئائەوانە ئیمانداری ڕاستەقینەنن، ئەو کەسانەن کە خوای گەورە بە خواناس وپارێزکار ناوی بردون، لەسورەتی ئەنفالدا وەک دەفەرموێت : ( **وما كانوا أولياءَه إنْ أولياؤه إلا المتقُونَ ولكن أكْثَرهم لا يعلمونَ (٣٤) [ الانفال : ٣٤ ]** ئەو بێباوەڕانە شایستەی ئەوە نین کە پشتیوانی ئاینی خوای گەورەبن، بەڵکو پشتیوانی ئاینی خوای گەورە ئەو کەسانەن کە خواناس وپارێزکارن، بەڵام زۆر بەشیان لەو ڕاستیە بێ ئاگان .

پەروەردگار هەر جارە ودەستەواژەیەکی جودا بەکار دەهێنێت لەوەسفی ئیمانداراندا، هەر هـــەمویشی دەگەڕێتەوە بـــۆ تەنـــها شتێک ئەویش ئەوەیە: ( **وإنْ تصبِروا وتتقُوا** ) ئەگەر ئارمگر بیت وخواناس وپارێزکاربیت، هەریەک لە نوێژکردن وزەکات دان وفەرمان کردن بەچاکە وقەدەغەکردن لەخراپە، وبگرە هەموو ئەو شتانەی کە خوای گەورە وپێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم) فەرمانی پێکردون دەچنە نێو ئەو چمکەی ئاماژەما پێدا ئەویش چەمکی ئارامگرتن و پارێزکاریە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو یەکتاپەرستی وئیمان باوەڕ بە پێغەمبەران وبەڕاست دانانی ئەو کارە غەیبی وهەواڵەنەی کە پەرەورەدگار باسی کردون هەر هەموویان لە نێو ئەو چەمکەدا جێگایان دەبێتەوە .

هەروەها ئایەتی:( **يا أيها الذين آمنوا إنْ تنصروا الله ينصركُم ويثَبت أقْدامكُم** ).

واتە : ئەی باوەڕداران ئەگەر ئاین و ڕێبازەکی خوای گەورە سەربخەن ئەوا پەروەردگاریش ئێوە سەردەخات وجێگیریشتان دەکات لە زەویدا.

ئەم ئایەتە پیرۆزە گشت فەرمان کردنێک بەچاکە وقەدەغەکردنێک لەخراپە دەگرێتەوە، ئائەوەیە سەرخستنی خوای گەورەو ئاینەکەی کە فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەیت ولەقەدەغەکراوەکانیشی دووربکەویتەوە.

جا برای بەڕێز وخۆشەویستم چاک لەو مانایانە تێبگە کە باسمان کرد، وە هەڵبسە بەجێ بەجێ کردنی تاوەکو ببیتە پشتیوانی خوای گەورە، تاوەکو پاشەڕۆژێکی ڕوون وخۆشگوزەران بۆخۆت مسۆگەر بکەیت کە خوای گەورە بەڵێنی پێ داوە بە ئیمانداران، خوای گەورە بەڵێنی داوە بە پشتیوانەکانی کە سەریان بخات وپاشەڕۆژێکی خۆشگوزەرانیشیان بۆ دابین بکات و لەسەر زەویش جێگیریان بکات، وترس ودڵەڕاوکێشیان بۆ بگۆڕێت بە ئاسایش وهێمنی، ئەویش بەوەی ترسیان بخاتە دڵی دوژمنەکانیانەوە، وخۆڕاگریان بکات لەسەر خزمەت کردن بەئاینەکەی ولەپێناوی ئەویشدا تێبکۆشن، وگیان ومالی خۆشیان بەخت بکەن، ئەویش بەئومێدی ئەوەی لەپاشەڕۆژدا لێیان خۆش ببێت، وەک خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿**إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة** ﴾ [ التوبة : ١١١ ] واتە : بێگومان خوای گەورە ماڵ وسەروەرت وسامان وگیانی لە ئیمانداران کڕیوە بەرامبەر بە بەهەشت .

وە ئەگەر بە ووردی سەرنجێکیش لە مێژوی ئیسلام بدەین دەبینین هەرکاتێ ئیمانداران سەرپێچی فەرمانەکانی خوا وپێغەمبەریان کردبێت ئەوا خوای گەورە هەر زوو خێرا ئاگاداری کردونەتەوە ئەویش بەوەی سەرکەوتنی داوە بە نەیارەکانیان، هەروەک ئەوەی ڕویدا لە جەنگی ئوحود دا، دەبینین کاتێ هاوەڵە بەڕێزەکان فەرمانەکەی پێغەمبەری خوا دەشکێنن و لەسەر ئەو کێوە دێنە خوارەوە کە پێشتر فەرمانی پێکردبوون ئەگەر بینیتان باڵندە لاشەکانی ئێمە دەخوات ئێوە نەیەنە خوارەوە لەسەر ئەو کێوەکە، بەڵام ئەو هاوەڵانەی لەسەر کێوەکە بوون فەرمانەکەی پێغەمبەریان لەبیر چویەوە وهاتنە خوارەوە، بگرە هەندێک لەو هاوەڵانە ووتیان با نەچینە خوارەوە وشوێنی خۆمان چۆڵ نەکەین، کەچی زۆربەیان ووتیان نابینن دوژمنەکانمان شکان وپشتیان هەڵکرد، ئیتر ئێمە بۆ لێرە بمێنینەوە؟ ئەوەبوو فەرمانەکەی پێغەمبەریان شکاند وگوێیان پێنەدا، خوای گەورەش لەبەر ئەوەی وانەیەک فێری موسڵمانان بکات بۆ نەوەکانی دواتریش، بت

پەرستەکانی مەککەی زاڵ کرد بەسەر ئیمانداراندا، ئەوەبوو کاتی بینیان تێرهاوێشەکان شوێنەکانی خۆیان چۆڵ کرد کۆمەڵێک لەئەوان بەسەرکردایەتی ( خالیدی کوڕی وەلید ) کە تا ئەو ساتەش بت پەرست بوو، گەڕانەوە لە پشتەوە دایان بەسەر تێرهاوێژەکاندا وپشتیان گرت لەسوپای موسڵمانان وجارێکی تر گیانی بەرگریان کردەوە بەبەر بت پەرستەکاندا، ئەوانەشی هەڵهاتبوون گەڕانەوە و بەهەردوولایانەوە لەپێش وپاشەوە هێرشیان کردەوە سەر پێغەمبەر و هاوەڵە بەڕێزەکان وشکاندنیان و زۆر نزیک بوو کە پێغەمبەری خواش شەهید بکەن ئەگەر ڕەحمی خودا نەبوایە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو حەفتا لە ناودارانی هاوەڵانیان شەهید کرد لە نێوانیاندا حەمزەی مامی پێغەمبەر بوو، هەموو ئەمەش لەئەنجامی ئەو سەرپێچیە بوو کە ئەو کۆمەڵە گوێیان نەدا بەفەرمانەکەی پێغەمبەری خوا ( صلی اله علیه وسلم ) خوای گەورەش هەموو ئومەتی ئیسلامی فێری وانەیەکی زۆر گەورە کرد، ئەویش نەشکاندنی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرە ﷺ ، لەپاش ئەم ڕووداوە خوای گەورە ئەم ئاتەی ناردە خوارەوە :( **وَلَقَد صَدَقَكُم اللَّه وَعدَه إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِه حَتى إِذَا فَشِلْتُم وَتَنَازَعتُم فِي الْأَمرِ وَعَصَيتُم مِن بَعد مَا أَرَاكُم مَا تُحِبُّونَ مِنكُم مَن يُرِيد الدُّنيَا وَمِنكُم مَن يُرِيد الْآخِرَةَ ثُم صَرَفَكُم عَنهُم لِيَبتَلِيَكُم وَلَقَد عَفَا عَنكُم وَاللَّه ذُو فَضلٍ عَلَى الْمُؤمِنِين (١٥٢)** [ ال عمران : ١٥٢ ] واتە : سوێند بێت، خوا بەڵێنی خۆی بۆ ئێوە بەڕاستی بردەسەر( لەسەرەتای جەنگی ئوحود )دا هەر بەمۆڵەت ویارمەتی ئەو( دوژمنانتان ) بەگیر هێناو وتێکتان شکاندن، هەتا ئەو کاتەی کە ساردیی ڕووی تێکردن بوو بە کێشەتان لەسەر هەندێک شتو یاخی بوون ( لەفەرمانی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) سەنگەرتان چۆڵکرد) دوای ئەوەی هەندێک شتی نیشاندان کە حەزتان لێدەکرد، هەتا دنیای دەوێت وهەتا قیامەتی مەبەستە، لەوەودوا دەستی ئێوەی کۆتاکرد( لەدوژمنان ) تا تاقیتان بکاتەوە، سوێند بێت، بەڕاستی خوا چاوپۆشی لێکردن ولێتان خۆشبوو وخوا فەزڵ وڕێزی هەیە بۆ ئیمانداران .

مەبەست ئەوەیە تووشی ئەو ناڕەحەتی وموصیبەتە بوون بەهۆی ئەو کەم وکورتیەی کەوتە هەڵوێستیان، کە ئەبوایە زۆر بەچاکی پارێزگاریان لەو فەرمانە بکردایە تاوەکو بیانتوانیایە سنوورەکانی پێشەوەی خۆشیان لەگەڵ دوژمنەکانیاندا بپارێزن بۆ ئەوەی هەموو ئەو کون وکەلەبەرانە بگرن کە دوژمن ئەیەوێت لێیەوەی بێتە ژوورەوە و زەفەریان پێببات وسەرکەوێت بەسەریاندا، چونکە داخستنی ئەو خاڵە لاوازانە ئەبێت بەهۆی یەکپارچەیی ویەکگرتووی ڕیزی ئیمانداران، بە پێچەوانەشەوە گوێ نەدان بەو ئەگەرانە ڕووداوی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە و وەک ئەوەی ڕوویدا لەجەنگی ( ئوحود ) دا ، خۆ گەر سەرنج بدەین هەڵەی کۆمەڵێک و نافەرمانی دەستەیەک لە هاوەڵان بوو بەهۆی شکستی تەواوی ئەو سوپایەی کە پێغەمبەریشیان لەنێودا بوو، کەواتە دەشێت بەهۆی گوناهـ وهەڵەی کۆمەڵێک لەنێو ئیمانداراندا، کۆمەڵێکی زۆر باشیش کە نافەرمانی خوایان نەکردوە تووشی سزای خوای گەورە ببنەوە بەهەموو لایەکیانەوە .

مەبەست لەمەش ئەوەیە واجبە لەسەر ئومەتی ئیسلام کە فەرمان بکەن بەچاکە وقەدەغە بکەن لە خراپە وهاوکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکەخوازی وپارێزکاری وخواناسین، ڕاستگۆیش لەمەدا ئەوەیە کە بەهەموو لایەکەوە لە گوند وشار ناو هۆز وگەلدا بەدیار بکەوێت ولەسەریشی ئامۆژگاری و وەصیەتی خێری یەکتر بکەن بە هەق وئارامگرتن لەسەری و هاوکاری یەکتر بکەن لەو کارەی کە خوای گەورە پێی خۆشەو دەبێتە هۆی سەرفرازی دین ودونیایان، تاوەکو پارێزراوبن لە تووش بوونیان بەنەهامەتی وسزای بەکۆمەڵ لەلایەن خوای گەورەوە، خوای گەورەش لەوەصفی ئەو کۆمەڵەی کە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن لەسەر هەق و خۆڕاگرتن دەفەرموێت : ﴿**والعصر (١) إن الإنسانَ لفي خسر (٢) إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر (٣)**﴾ **[ العصر : ١،٣ ]** واتە : سوێند بێت بە کات و زەمان، سوێند بێت

بەکاتی عەسر(١) بەڕاستی ئادەمیزاد لەزەرەرمەندی وخەسارەتمەندیدایە (٢) بیجگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە وکارو کردەوەی چاکەیان ئەنجامداوە وئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابــەندی هەق بن ( پابەندی هەقیش پێویستی بەخۆگری هەیە ) لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریـان کردووە تا هەمیشـــەو بەردەوام خــۆگرو ئارمـگریش بن (٣) . ئائەوانە سودمەندن وقازانجیّ گەورەیان کردووە وسەرکەوتووی هەمیشەیین، جا کەواتە مرۆڤی ئیماندار دەبێت خاوەنی ئەم چوار سیفەتە جوانە بێت وخۆیانی پیّ بڕازێنێتەوە، ئەوانیش : ( باوەڕی ڕاستەقینە ، کاروکردەوەی چاکە، ئامۆژگاری یەکتر کردن لەسەر هەق ، وەصیەتکردنی یەکتریش لەسەر ئارامگری لەکاتی تێکۆشان وهەمووکاتێکی تردا ) .

هەرکەس دەیەوێت خوای گەورە سەری بخات وسەلامەتی بکات لە باوەڕەکەیدا، وەیان دەیەوێت عاقبەت خێر بێت، با لەخوا بترسێت و وخۆڕاگریش بێت لەسەر گوێڕایەڵی پەروەردگاری، ودوور بکەوێتەوە لە سنوورە قەدەغەکراوەکانی خوا لەهەر کویّ و هەر جێگایەک بوو، ئائەوە هۆکاری سەرکەوتن وهاتنەدی بەڵێنی خوای گەورەیە ودەبێتە هۆی ڕزگاربونیشی لە دونیاو قیامەتدا، لەبەر ئەوە باوەڕدار دەبێت لە خوا بترسێت جا ئەگەر لەماڵی خۆی بێت یان لە بازاڕ وناو ئۆتۆمبیل یان لەناو فڕۆکە وشەمەندەفەر، یان لە مزگەوت وکاتی تێکۆشان بوو، بە کوورتی لەهەر جێگایەک بوو پێویستە لەخوا بترسێت وخودای لەبیر بێت کە هەمیشە چاوی لێیەتی و ئاگادارە بەکار وکردەوەکانی .

هەر بەهەمان شێوەش ئافرەتان لەکاتێک کەلەماڵەوەن یان لەهەر جێگایەکی تربوون دەبێت ئەوەیان لەبیر نەچێت کە پەروەردگاریان بەئاگایە لەکاروکردەوەیان وبەئەندازەی چرکەیەکیش لێیان غافڵ نابێت، هەر بۆیە پێویستە لەسەر ئەوانیش بەئەندازەی توانای خۆیان هەوڵ بدەن بۆسەر

خستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەک خوای گەورە دەفەرموێت : (**فَاتقُوا الله ما استطعتم** ) [ **التغابن : ١٦** ] واتە : لە خوا بترسن و پارێزگار بن بە ئەندازەی توانای خۆتان .

کەواتە هەموو کەس بە پیاو ژنەوە بە گەنج و پیرەوە بە کورٍ وکچەوە دەبێت هەمیشە لەهەوڵی سەرخستنی ئیسلامدابن هەرکەس بەپێی توانای خۆی، ئەو توانایەی کەخوای گەورە پێیداونن جا چ توانای هێز بێت یان توانای زانست و تێگەیاندنی خەڵک بێت لە دین، یان هەر بوارێکی تر بێت، خوای گەوە لە جێگایەکی تردا دەفەرموێت : (**لَا يكلف الله نفْسا إلا وسعها** ) [ البقره : ٢٨٦ ] واتە : خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر کەس مەگەر بەپێی توانای خۆی نەبێت .

پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکیدا دەفەرموێت : "(( ما نهيتكم عنه فاجتنبوه وما امرتكم به فاتوا منه ماستطعتم، فانما اهلك من كان قبلكم بكثرة مسائلهم واختلافهم على انبيائهم ))[٢] واتة : ئەوەی قەدەغەم کردووە لێتان لێی دوور بکەونەوە، ئەوەشی فەرمانم پێ کردوون جێ بەجێی بکەن بە پێی تواناتان، چونکە ئەوەی کە ئومەتانی پێش ئێوەی لەناوبرد زۆر پرسیارکردن بوو، لەگەڵ ناکۆکی بوونیان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان .

ئافرەت دەبێت هەوڵی خۆی بخاتە کار لە پێناو چاکسازی کۆمەڵگەکەی بەو شێوەیەی کە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێکردوە لەگەڵ پیاوەکەیدا هەروەها لەگەڵ منداڵەکانیدا، بگرە لەگەڵ تەواوی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا دەژین لەماڵەوە، بەردەوام بێت لەوەی سوودمەند بێت بۆ

---

(٢) متفق عليه

بەندەکانی خوا، ئامۆژگاریان بکات لەسەر هەق وڕاستی وئارامگرتن لەسەر بەندایەتی پەروەردگار وڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ فڕوفێڵەکانی شەیتان وهانگاوەکانی، بەشێوەیەک فەرمانیان پێ بکات بەچاکە وقەدەغەیان لێ بکات لەخراپە ودوورکەوتنەوە لێی،ئەمەش تەنها وتەنها مەبەستی پێی ڕەزامەندی خوا بێت نەک ناو شۆرەت وناوبانگ دەرکردن.

بێگومان ئائەمەیە هۆکاری هاتنی سەرکەوتن لەلایەن خوای گەورەوە بۆ بەندەکانی وبەرگری لێکردنیان لەهەموو خراپەیەک، ئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت بە یارمەتی خوای گەورە و ڕزگاربونیش لە ئاگری دۆزەخ، هەر بۆیە زۆر پێویستە داکۆکی کردن لەسەر ئەو هۆکارانە بەشێوەیەک هەمیشە لەیاد وبیری باوەڕدارا بێت بۆ ئەوەی شەیتانی نەفرین لێکراو غافڵیان نەکات لەمەبەستی سەرەکی خۆیان کە بریتی یە لە بەندایەتی بەڕاستی خوای گەورە ودوورکەوتنەوە لەهەموو ئەو شتانەی کە جگە لەخوا دەپەرسترێن .

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە گوناهـ وتاوان هۆکاری شکست ودۆڕان وپاشەوپاشچوونی موسڵمانانە، هەروەک باسمان کرد چۆن بەهۆی سەرپێچی تیرهاوێشەکانەوە، ئیمانداران لەجەنگی ( ئوحود ) دا شکان، بەهەمان شێوەیە گوناهـ و تاوان هۆکاری سەرەکی نوشوستن وزاڵ بوونی دوژمنانە لەهەموو چەرخ وسەردەمێکدا،وە کۆمەڵێکی زۆر نەهامەتی وخراپەکاریش دێنێت لەگەڵ خۆیدا، سەرەڕای هەموو ئەمانەش گوناهـ وتاوان دەبێت بەهۆی دڵ ڕەقی ولاواز بوونی نووری ئیمان لای کەسی گوناهبار، وەک خوای گەورە دەفەرموێت : (**ألم يأن للذين آمنوا أنْ تخشع قُلوبهم لذكْر الله وما نزلَ من الْحق ولَا يكُونوا كَالذين أُوتوا الْكتاب من قَبلُ فَطَالَ عليهم الْأمد فَقَست قُلُوبهم وكَثير منهم فَاسقُونَ (١٦) [ الحديد : ١٦ ]** واتە : ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، دڵەکانیان بە نووری ئیمان ملکەچ وڕوناک

بووەتەوە، ترسی خوای تێدا بڕوێنن بەهۆی یادی بەردەوامی خوا وئەو قورئانەی کە ڕەوانە کراوە، وەک ئەو کەسانە نەبن کە کتێبی ئاسمانییان بۆ ڕەوانەکرا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دوور ودرێژ، دڵیان ڕەق وڕەش بوو، زۆربەشیان یاخی وسەرکەش ونالەبار دەرچوون .

جا ئەگەر تاوان وگوناهـ دەرکەوت، زیان بەگشت کۆمەڵگا دەگەیەنێت ئەگەر هاتوو تاکەکانی تری ئەو کۆمەڵگایە هەڵنەسان بە قەدەغەکردنی ئەو تاوان وگوناهانە .

ئیمانداران فەرمان پێکراون لەلایەن خوای گەورەوە کە بەردەوام بن وئیستقامەیان هەبێت لەسەر باوەڕەکەیان وئیستقامە لەسەرتەقوا وخواناسین وتێکۆشان لەپێناو خوادا، وە هەروەها خۆڕاگربن لەسەر چاکەکردن وپارێزکاری وچاکەخوازی لەهەرکوێیەکی ئەو دونیایەبن، لەگەڵ باوەڕ بوون بەوەی کە خوای گەورە سەریان دەخات و زاڵیان دەکات بەسەر دوژمنەکانیاندا، وهەموو ترس ودڵەڕاوکێیەکیشیان بۆ دەگۆڕێت بە ئاسایش وخۆشگوزەرانی ان شاوالله، وە ئەبێت ئەوەش بزانن هەرکاتێک موصیبەت ونارەحەتیەکیان تووشهات ئەوە کەمتەرخەمیەکە لەخۆیانەوەیە وەک خوای گەورە دەفەرموێت : ( **وما أصابكُم من مصيبة فَبِما كَسبت أيديكُم ويعفُو عن كَثيرٍ (٣٠) [ الشورى : ٣٠ ]** واتە: هەر بەڵاو نەهامەتیەکتان بەسەر هاتبێت، ئەوە دەرەنجامی ئەو کارو کردەوانەیە کە بەئارەزووی خۆتان دەتانکرد( بەڵام ئەوەندە خوایەکی میهرەبانە ) لە زۆربەی گوناهـ وهەڵەکانتان خۆش دەبێت .

بێگومان گەورەترین دوژمنی مرۆڤیش شەیتانی نەفرین لێکراوە، چونکە ئەو شەیتانە بەڵێنی داوە کە هەمیشە و هەردەم لە کەمیندا بێت بۆ باوەڕداران بۆ ئەوەی لەڕێگای ڕاست لایان بدات و تووشی سەرگەردانی وتاوانیان بکات، تاوەکو لەو ڕێگایەوە تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە لە نەوەکانی

ئادەم، جا پێویستە بۆ ئەوەی بەرەنگاری فرۆفێڵ وهەنگاوەکانی شەیتان ببینەوە خۆمان پڕچەک بکەین بەچەکی ئیمان وخواناسین وتەقوا، لەهەمان کاتدا ئاگاداری وەسوەسەکانی بین چونکە بەهۆیانەوە باوەڕدار والێدەکات کە هەست بە خەمۆکی وترس بکات، بۆ ئەمەش باوەڕدار پێویستە زۆر پەنابگرێت بەخوا لەشەیتان ولەو کارو کردەوانەشی کە بەهەنگاوەکانی شەیتان دادەنرێن .

تەقوا وخواناسین وپارێزکاری یادی خواکردن هۆکاری سەرەکین بۆ کردنــەوەی دەرووی خێری لەئیمــانداران وەک خوای گــەورە دەفەرموێت: ﴿ **ومن يتقِ الله يجعلْ لَه مخرجا (٢) ويرزقْه من حيثُ لَا يحتسِب ) [ الطلاق : ٢،٣]** واتە: جا ئەوەی لەخوا بترسێت وپارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی خێری لێ دەکاتەوە ولەجێگایەکەوە ڕزق وڕۆزی پێ دەبەخشێت کە خۆیشی حسابی بۆ نەکردبێت .

برایانی بەڕێز وخۆشەویستم ئەوەی باسمانکرد هۆکاری سەرکەوتنی ئیماندران بوون بەسەر دوژمنەکانیاندا، جا ئەو دوژمنانە بێباوەڕان بن یان شەیتانی نەفرین لێکراو بێت، چونکە شەیتان دوژمنی گەورە وسەرەکی مرۆڤەکانە وەک خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **إن الشيطَانَ لَكُم عدو فَاتخذُوه عدوا إنما يدعو حزبه ليكُونوا من أَصحابِ السعيرِ (٦) [ الفاطر : ٦ ]** واتە : بێگومان شەیتان دوژمنی سەرەکی ئێوەیە، جا ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن، چونکە شەیتان هەمیشە خەڵکی گومڕادەکات وبانگیان دەکات بۆ کۆمەڵەکەی خۆی، تالەئەنجامدا ببن بە هاوەڵی دۆزەخ ) .

ئەو هۆکارانە، هۆکاری پاراستن وسەرکەوتن وسەرفرازی دونیا ودوارۆژشە، ئەو دوارۆژەی کەخوای گەورە هەموو مرۆڤەکان کۆدەکاتەوە لە ئادەمەوە تا کۆتا کەس ولێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات لەسەر تەواوی

کاروکردەوەیان لەسەر بچوکترین شتێک ئەگەر کردبێتیان یان ووتبێتیان، جا خۆش بەختی بۆ کەسێک کە سەرفرازە لەو ڕۆژەدا، وەلە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێت ، هاودەمی پێغەمبەران وڕاستگۆیان شەهیدان وپیاوچاکانیش دەبێت .

ئەی خوای گەورە بمانگێڕێت بەهاودەمی ئەو کۆمەڵە لەبەهشتدا، وە وەسەرکەتوومان بکەیت لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خۆت ودڵەکان وکاروکردەوەمان ئیسلاح بکەیت، وە لەو کەسانەمان بگێڕێت کە ڕێنومای خەڵکی دەکەن بۆلای ڕێبازەکەی خۆت، وە یارمەتیمان بدەیت کە دەروونی خۆمان بپارێزین لە خراپە وشەڕی دوژمنەکانمان لەسەروو هەمویانەوە لەشەڕی شەیتان وشوێنکەوتوانی، وە موەفەقمان بکەیت لەسەر یادوذکری خۆت تاوەکو بتوانین بەجواترین شێوە بەندایەتی تۆ ئەنجام بدەین، وە ئەی خوایە داوات لێ دەکەین کە کاربەدەستی موسڵمانان موەفەق بکەیت لەسەر ڕەزامەندی زاتی حەق تەعالای خۆت.

ئەی پەروەردگار داوات لێ دەکەین کەسەرجەم ئیمانداران سەربخەیت، ودوژمنەکانیان سەرشۆڕ ورسوابکەیت وریزو کۆمەڵیشیان لەسەر تەقوا وخواناسین یەکبخەیت، ئەی خوایە ئیسلاحی حاڵی سەرجەم گەلانی موسڵمان وسەرکردەکانیان بکە، وە هەروەها کاربەدەست ولێپرسراوانی ئەم وولاتەی ئێمەش سەرکەوتوو بکە لەسەر هەموو کارێکی خێر وچاکە، ویارمەتیان بدە لەسەر ئەو کاروکردەوانەی کە جێگای ڕەزامەندی تۆن .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه ومن سار على نهجه إلى يوم الدين .